# کەرەنتینەو کاریگەری لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی

## -توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان- عێراق-

**پ.ی.د. میران محمد صالح**
فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی سۆران
meeran.salih@kue.soran.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی چۆنێتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چەمکی کەرەنتینە و چۆنێتی مامەڵەکردنی هاووڵاتیی و حکوومەتی هەرێم لەگەڵ ئەم بارودۆخە و دیاردە جیهانییەدا، هەروەها زانینی راو بۆچوونی لێتوێژەران لە هەرێمی کوردستان بەرانبەر کەرەنتینە و چۆنێتی مامەڵەکردنی و کاریگەری لەسەر خێزان و لایەنی ئابووری و تەندروستی و خوودی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییەو توێژەر میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە تێیدا بەکارهێناوە.

سەبارەت بەچۆنێتی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە لێتوێژەران, توێژەر پشتی بەپرسیارنامە وەك ئامرازی سەرەکی بەستووە لەرێگەی نموونەی نا هەرەمەکی تۆپەڵە بەفر (٤٥٦) لێتۆێژەران بۆشیکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی توێژینەوەکە پشتی بە بەرنامەی (spss) بەستووە.

**لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێك لەوانەیش:**

١-کەرەنتینە نەبووە هۆی زیادبوونی گرفت و توندوتیژی خێزانی.

٢- کەرەنتینە هۆکار بوو بۆ ئەوەی هاوڵاتی زیاتر گرنگی بە خۆپاراستن بدەن نەوەك چارەسەرکردن.

٣- سەرەڕای ناخۆشی بارودۆخی کەرەنتینە، بەڵام تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە هەستیان بەحاڵی ناخۆشی کرێکاران و دەستگێران و هەژار و ئاوارەکانی ناو کەمپەکان دەکرد.

٤- کەرەنتینە وای لێکردین واز لە کڕینی شتومەکە ناپێویستییەکانی رۆژانە بهێنێن.

٥- هەروەها کەرەنتینە وای لێکردن کە زیاتر هەست بەرۆڵی پیاوانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و ئاسایش و پێشمەرگە بکەن.

٦- کاریگەری کەرەنتینە تەنیا لە تەوەری خێزان ئاماژە داربوو جیاوازیەکەیشی بۆ خێزاندارەکان دەگەرایەوە.

-کیللە وشە: ( کەرنتینە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وابەستەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی کوردی).

**الملخص**

هدف من الدراسة هو توضيح و معرفة كيفية ظهور فاجعة كورونا العالم وصولها الى أقليك كوردستان- العراق، ومصطلح الحجر وكيفية معاملة المواطن الكوردي وحكومة الأقليم مع هذه الظروف والناجعة العالمية وكذلك معرفة اداء ومواقف المبحوثين حول تأثير الحجر الصحي على العائلة والجوانب الاقتصادية والصحية والذاتية لأفراد المجتمع الكوردي.

هذه الدراسة من الدراسات الوصفية والتي استخدم فيها الباحث منهج المسح الاجتماعي بالعينة .

واعتمد الباحث لجمع المعلومات والبيانات على استمارة الاستبيان مكونة من (٤٦) فقرة عن طريق العينة القصدية (كرة ثلجية) (٤٥٦) مبحوثا من الذكر والانثى ولتحليل البيانات والعولمات اعتمد على برامج (Spss).

وفي النهاية وصلت الدراسة الى عدد من النتائج أهمها:-

١-لم يكن الحجر الصحي سبباً فيزيادة المشكلات والعنف الاسرى.

٢-كان الحجر الصحي سببا بأن يهتم المواطن بالوقاية من المرض أكثر العلاج.

٣- على الرغم من الظروف الصحية الصعبة للمجتمع الكوردي فأن أكثر اعضاء المجتمع شعر واباالاو ضاع المعيشية المتردية والصهبة للعمال والفقراء والباعة المتجولين والمهجرين في المخميات.

٤- الحجر الصحي وقع المواطن لابتعاد عن شراء السلعة اليومية غير الضرورية.

٥- الحجر الصحي جعل من المواطن أن شيعر اكثر بضرورة وأهمية رجال الاسايش والشرطة وشرطة المرور والبيشمركة.

٦-تأثير الحجر الصحي ظهر بشكل جلي في المحور الاسري مقارنة بالمحاور الاخرى للدراسة.

مفاتيح الدراسة الحجر العلاقات الاجتماعية التضامن الاجتماعية، المجتمع الكوردي.

**Summary**

The aim of the study is to clarify how the Coronavirus tragedy appeared, the concept of quarantine, the relationship between a citizen and a regional government, how to deal in light of these global, stable conditions, to know their impact on social relations and the level of health, economic and Self-awareness of community members, however, to know the opinions of the respondents regarding quarantine and how they deal with these conditions and their impact on the side Economic and health of the family and the self on the members of the Kurdish community.

This study is one of the descriptive studies in which the social survey method was used in the sample. In the end, the study reached a number of results, including:

1-The study, 41% of the respondents, confirmed that the quarantine was not due to the raising of the level of problems and domestic violence.

2-The study showed, 73% of the respondents that they confirmed the quarantine was a reason for them to care more about prevention than treatment.

3-The study confirmed (65-75%) of the respondents that despite the harsh and catastrophic conditions of Corona virus, we have felt bad conditions among workers, street vendors, and the foreign poor in the region's camps.

4-The study showed (73%) of the respondents confirmed that these circumstances had pushed them not to purchase unnecessary goods and commodities.

5-The study showed (70.4%) of the respondents that the quarantine had proven to them the effective role of the police, traffic police, security men and the Peshmerga in an effective and necessary manner.

6-The study showed that the effect of quarantine had an effect on the family in general and on married couples in particular.

**١-پێشەکی:**

کۆرۆنا ڤایرۆسێکی گوزاراوەیە واتا لەمرۆڤێکەوە یان لە ئاژەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوە تووشی ئەندامی هەناسە دەبێت کۆکەی قورس و تای بەرزو هەناسەی توند لەنیشانە سەرەکییەکان نەخۆشیەکەن وتووشی مردن و لەناوچوونی دەکات.

پەتای کۆرۆناو کەرنتینە کاریگەرییەکانی قوڵەو ئاڵۆزە، تەنها بەند نییە بەلایەنی تەندروستی تاکەوە لەکۆمەڵگادا، بەڵکو ڕەهەندێکی زۆرپەرت وبڵاوو مەودایەکی فراوانی لەبەشێکی زۆری کایەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە.

ئەم توێژینەوە خوێندنەوەیەکە بۆ زانینی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەجیهان و هەرێمی کوردستانداو دەرهاویشتەی ئەو پەتایە لەسەر خودو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەندامانی خێزان جۆری پەیوەندی هاوڵاتی بەحکومەتەوە رۆڵی دامو دەزگا تەندروستی ئەمنیەکان لەکەم کردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگادا .

توێژینەوەکەمان لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

**٢-بەشی یەکەم: چوار چێوەی گشتی توێژینەوە**

**١-٢-گرفتی توێژینەوە:**

١-ئەم گرفتە گرفتێکی جیهانییەو نوێیە هێشتا چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەو چارەسەری بەشێوەیەکی زانستی یەکلا نەبۆتەوە دیار نییە خەڵکی لەناو دیاردەکە دەژین و بەدەستیەوە دەناڵێنن.

٢- بارودۆخی ئاوای ترسناك لەگشت مێژووی تاکی کوردو کوردستان کە هەموو بگرێتەوە رووی نەداوە.

**٢-٢-گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەبۆچوونی توێژەر ئەم توێژینەوە کەمەکانە لەبواری زانستی کۆمەڵناسي، لەم بارودۆخەدا ئەنجامدراوە کە چوار تەوەری گرنگی ژیانی تاك لە هەرێمی کوردستان – عێراق لە خۆ بگرێت.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەستپێکێکی گرنگ بۆ توێژەران بەگشتی و لە کوردستانیش بەتایبەتی، کە

بارودۆخی ئاوای ترسناك نابێت ببێتە بەربەست بۆ پێشکەوتنی زانستی هەوڵو کۆشش بۆ تیشکخستنە سەر دیاردە و گرفتەکان و دەرهاویشتەکانی و دواتریش چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی.

**٣-٢-ئامانجەکانی توێژینەوە:**

بریتیین لەشارەزابوون لەمانەی خوارەوە:

١- چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چەمکی، کەرەنتینە.

٢- چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم ڤایرۆسە جیهانییە.

٣- کاریگەری ئەم بارودۆخە لەســـەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی خێزانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٤- کاریگەری ئەم بارودۆخە لەسەر پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و حکومەت.

٥- کاریگەری ئەم بارودۆخە لە سەر ئا ستی هۆ شیاری تەندرو ستی و ئابووری و خودی تاك و خێزانەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان - عێراق.

**٤-٢چەمکە زانستییەکانی توێژینەوە:**

چەمکەکانی توێژینەوەکەمان پێك دێت لە:

**١-٤-٢-، کەرەنتینە: دابڕانی پزیشکی،(Quarantine)**

بەدوو مـانـا دێـت لە زمـانـی ئینگلیزی یەکەمیـان (کەرەنتین- **Quarantine**) دووبـارە دابنرێتـەوە واتـا بریتییە لەدابڕانی ئەو خەڵکانەی، گومانیان لێ دەکرێت نەخۆشـبن، تا کاتێکی دیاریکراو. دووەمیان ئایزۆلەیشـن (**Isolation**) بریتییە لەدابڕینی ئەو، کەسـانەی، بەراسـتی نەخۆشـن لە دووریان بخەنەوە لە کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی، کە خەڵکی تر تووش ناکەن، تاوەکو خۆیان چاك دەبنەوە، واتا پەراوێزخستنی ئەو خەڵکانە لەشوێنێکی تایبەت.

(Quarantine) بەکاردێت بۆ دوورخستنەوەی کەسێك لەوانەیە تووشی نەخۆشیەك بووبێت وەك (Covid-19) نوێ لەکەسانێکی تر، کەرەنتینەی تەندروستی یارمەتی دەربێت لەبڵاونەبوونەوەی نەخۆشییەك پیش ئەوەی مرۆڤەکە بزانێت نەخۆشە، یان تووش بووە بەو ڤایرۆسە بێ ئەوەی هەست بە نیشانەکانی بکات:

(http://publichealth. Lacounty. Gov/acd/docs/covhome Quarantine Arabic.pdf..)

بەڵام کەرەنتینە لەم توێژینەوەیە بریتییە لەو بڕیارو رێنماییە تەندروسـتییانەی، حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان - عێراق لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان و وڵاتانی دەوروبەرو هەرێمی کوردستان دەریان کرد، بۆ نەهاتنە دەرەوەی خەڵکی لەماڵەکانیان و دوورکەوتنەوە لەقەرەباڵغی بەهەموو جۆرەکانی.

**٢-٤-٢- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانsocial relation ship**

چەمکی پەیوەندی یان دەخولێتەوە لەدەوری و پێوەســـت بوون و پێکەوە گرێدران، پێوەندی لەم چەمکانە پێك



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دێت، کە پێوەســـت بوونی بەرژەوەندی نێوان دوو، کەس یان زیاتر، خزمەتی هەردوولا، یان هیچ لایەکیان بکات (أبو الفضلي، ٢٠٠٩: ٣١).

ئەم پێوەندییانەش بەپێی پێشـــکەوتن و ئاڵۆزی شـــارســـتانیەتییەکان ئاڵۆز و جۆراوجۆرو زۆر دەبن هەروەها بۆ پەیوەندی بەشـــداریکردن لەژیان ئەمیش دەبێتە بنەما بۆ گشـــت رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی حکوومی و ناحکوومیش، بەڵام زانایانی کۆمەڵناســـی پێوەندیان دابەشـــی دوو جۆری تر کردووە وەك پێوەندییە بەرایییەکـان، کەلەنێوان کۆمەڵە بچووکەکـان دەردەکەون (حجـازي، ١٩٨٨: ١٠٥) هەروەهـا بڕوانە (عـامر، ١٩٨٦: ٧٥)، پێوەنـدییە لاوەکییەکـان، کە پێوەنـدییەکی رووکەشـــییە لەنێوان کۆمەڵە گەورەکـان بەتـایبەتی لە کۆمەڵگە نوێیە ئاڵۆزەکان دەردەکەون (القصر، عمر، ١٩٨١: ٧٥-٧٦).

بەڵام مەبەســـت لە پێوەندی لەم توێژینەوەیەدا ئەو پەیوەندییە خوێنییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە.

لەکاتێکدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان برییتین لەو پێوەندییانەی، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەبن وەك دەرئەنجامێك بۆ کۆبوونەوە و گرێدان و پێوەندیەکانیان (أبو الفضلي، ٢٠٠٩: ٣١).

**٣-٤-٢ وابەستەی کۆمەڵایەتی Social Solidarity:**

وابەســتە Solidarity پرۆســەیەکی ســەرخســتن یا پشــت بەســتنی ئاڵوگۆڕەلەژیانی کۆمەڵامەتی دەردەکەوێت (بدوی، بدون سنة طبع: ٤٠٤).

بەڵام چەمکی وابەســـتەی کۆمەڵایەتیSocial Solidarity تێکهەڵکێشـــە لەگەڵ چەند چەمك و زاراوەی تر بەڵام هەموویان بەماناو واتای Solidarity لەفەرەنگی (الكنز، جروان" ١٩٨٠: ١٠٥)و (فەرهەنگی المورد) و(البعلبكی، ١٩٧٣: ٨٧٧).

وابەســتەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی بینائی وەزیفیە، پشــت دەبەســتێت بە یەکگرتوویی قەوارەی کۆمەڵایەتی، ئەویش پشــت بە ســروشــتی پەویوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و هاریکارو ئاڵوگۆڕ لەنێوان بەشــەکان دەبەســتێت، کە لەکاتی هەڕەشـــەو مەترســـی دەرەکی یەکگرتوویەتی نێوان تاکەکانی ئەو قەروارەیە زیاتر دەبێت، ئەویش دەبێتە هۆکار بەردەوامبوون و پاراستنی ئەو وابەستەیە (تۆفیق" ١٩٨٨: ٢٤).

**٤-٤-٢-کۆمەڵگەی کوردی Kurdish Community**

مەبەست لەکۆمەڵگە لەم توێژینەوەیەدا ئەم کۆمەڵە، کەسانەیە، کە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن لە نەتەوە و ئایین و مەزهەوی جیاواز و کۆمەڵی تۆری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی تێکەڵاو پێکەوە دەیان بەستێتەوە بە کۆمەڵگەی کوردی.

مەبەست لە کۆمەڵگەی کوردی لێرەدا باشووری کوردستان، یان هەرێمی کوردستانی عێراقە کە لەزاخۆوە تاوەکو کفری و کەلار بەهەموو گوند و شارە دێو شارۆچکەو شارەکان پێك دێت.

**٣-بەشی دووەم: کورتەیەکی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١-٣-چۆنیەتی دروست بوون و سەرهەڵدان ڤایرۆسی کۆرۆنا**

لەکۆتاییەکانی سالّی ٢٠١٩ ڤایرۆ سی (کۆرۆنا) لەئاژەڵێکی کێوییەوە بازی دا بۆ مرۆڤ، با شترین لێك دانەوە دەڵێت: لەبازاڕی ئاژەڵە کێوییە زیندووەکان لە (وهان) ئەمە ڕوویدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکەی گۆڤاری پزیشــکی ئینگلیزی (the lancent) یەکەم، کەس لە یەکی دیســـەمبەری ٢٠١٩ تووش بووە، دواتر خێزانەکەی، کەتەمەنی ٥٣ ســـاڵ بوو بێ ئەوەی هیچ پێوە ندییەکی لەگەڵ ئەو بازاڕەی (وهان) هەبووبێت ئەویش تووشــی هەمان نیشــانەکانی نەخۆشــی مێردەکەی بوو و پێویســت بوو ببرێت بۆ یەکەی چاودێری چڕ.

هەفتەیەك بۆ دوو هەفتە دوای ئەوە کۆمەڵێك نەخۆشـــی تر دەرکەوتن لە (وهان) و زۆربەیان تووشـــی (نەمۆنیا) (هەوکردنی توندی سییەکان) بوون.

لە ٢١ی دیســەمبەری ٢٠١٩ پزیشــکەکان لەناوچەی (وهانی) چینی هەســتیان بەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەحاڵەتەکانی (نەمۆنیا) کرد و ئەوەیان ریپۆرت دەکرد بۆ بەرپرسان لە (وهان).

لە ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠١٩ ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی تەندرو ستی لە نەخۆ شخانەکانی (وهان) توو شی (نەمۆنیا) بوون جیاکرانەوە (کەرەنتینەکران).

ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی دیســـەمبەری ٢٠١٩ پزیشـــکەکانی (نەخۆشـــخانەکانی وهان) هەســـتیان کرد ژمارەی تووشـــبووان بە (نەمۆنیا) لەبەرزبوونەوەیەکی زۆر خێرا دایە، نەخۆشـــەکان هیچ پێوەندییەکییان لەگەڵ ئەو بازاڕەی فرۆشتنی گۆشتی ئاژەڵە کێوییەکان نەبوو لە (وهان).

لە ٣٠ی دیســـەمبەری ٢٠١٩ دکتۆر (لی وێنلیانگ) هەندێك تێکســـتی نارد بۆ دکتۆرە هەڤاڵەکانی و ئاگاداری کردنەوە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشـیەکی کوشـندە، کەنیشـانەکانی لەنەخۆشـی (SARS) دەچێت لەناوچەکە، داوای لێکردن بەر لەبڵاوبوونەوەی بگرن، دوای ســێ هەفتە لەم پەیامەی ئەم دکتۆرە ئینجا بەرپرســە چینییەکان ئەم پەیامەیان بەهەند وەرگرت و پێوەندییان بە (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە کرد).

لە ٣١ی دیســـەمبەری ٢٠١٩دا (کۆمســـیۆنی تەندروســـتی لەشـــارەوانی ناوچەی وهان) بەراگەیاندنەکانی وت هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکی کوشندە لەناوچەکە،، کە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر بگوازرێتەوە.

لە یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ (دەزگای ئاســـایشـــی وهان) هەســـتان بەتۆمەتبارکردنی دکتۆر (لی وێنلیانگ) بە بیانووی نانەوەی پیلانی ژێربەژێر لەدژی دەوڵەتی چین، گیرا و بردیان بۆ بارەگای پۆلیس و لەوێ پەنجەمۆری پێ کرا، کەوا تاوانێکی ئەنجام داوە، حەوت دکتۆری برادەریشی گیران و تا ئێستە چارەنووسیان نادیارە.

لە هەمان ڕۆژدا، بەرپرســـانی تەناهی لە وهان فەرمانیان دەرکرد بۆ کۆمپانیایەکی لێکدانەوەی (جینۆمەکان)،، کە هەســـتابوو بە ئەنجام دانی کاری نەخشـــەســـازی جینۆمی بۆ ڤایرۆســـەکە،، کە لە نەخۆشـــەکان وەرگیرابوو، بەپێی فەرمانەکە هەموو زانیارییەکان لەناوبران.

بەپێی (ڕاپۆرتێکی نیۆرك تایمز) لە هەمان ڕۆژدا پتر لە ١٧٥,٠٠٠، کەس ناوچەی (وهانیان) جێ هێشت بەرەو وڵاتانی

تر، بەپێی راپۆرتەکانی Global. Traver. Data. Research. Firm. OAG کە شتێکی راستەوخۆ هەیە لەناوچەی وهانەوە بۆ ٢١ وڵات، تەنیا بۆ بەراورد کردن لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی ئەو هاووڵاتییە ئەمەریکییانەی، کە لە (وهانەوە) هاتوون و چوون تەنیا بۆ ئەمەریکا ١٣,٢٦٧، کەس بووە، هەر بۆ زانیاری زیاتر تاکو سەرەتای مانگی شوبات ئەمەریکا هیچ رێگریەکی نەکرد لە هاتنی هەر هاووڵاتییەکی خۆی، یان بێگانەیەك لە ناوچەی وهانەوە بۆ ئەمەریکا.

لە دووی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ لەلێکۆڵینەوەیەك دا، ـ، کە دواتر بڵاوکرایەوە ـ و لە (وهان) ئەنجام درابوو، مانگی دیسەمبەر لە ٤١ نەخۆشدا تەنیا ٢٧ لەو نەخۆشانە پێوەندیان بەبازاڕی ئاژەڵە کێوییەکانەوە هەبووە، هەر لەم رۆژەشدا (پەیمانگای وهان بۆ ڤایرۆسناسی نەخشەسازی) جینۆمەکانی ئەم ڤایرۆسە نوێیەی تەواو کرد، بەڵام حکومەتی چینی تاوەکو یەك هەفتەی تر بڵاوی نەکردەوە بۆ جیهان.

لە سێی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ حکومەتی چین هەر بەردەوام دەبێت لە شاردنەوەی زانیاریەکان لەسەر ئەم ڤایرۆسە نوێیە، فەرمانی نهێنی بۆ هەموو دام و دەزگایە پزیشکییەکانیش دەنێرێت، کە هەرچی زانیاریەکیان هەیە لەسەر ڤایرۆسەکە بدەن بە حکومەت و لای خۆیان بیفەوتێنن و بەهیچ شێوەیەك بڵاو نەکرێتەوە، لەم رۆژانەیشدا، کە دەکاتە یەك مانگ دوای یەکەم تووشبوو ئینجا راپۆرتێکی تێروتەسەل دەگات بەسەرۆکی سەنتەری نەخۆشیەکان (رۆبەرت رێدفیلد) لە ئەمەریکا(CDC) لە هاوپیشەکەی لە چین، ئەمەیش بەپێی زانیارییەکانی وەزیری تەندروستی ئەمەریکا (ئەلێکس ئەزار)، ئەویش واتە سەرۆکی (CDC) لە رێگی وەزیری تەندروستی وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا ئاگادار دەکاتەوە لەمەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

لە پێنجی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ کۆمسیۆنی تەندروستی لەناوچەی وهان ئاگادارییەك بڵاو دەکاتەوە بۆ هاووڵاتییان و دەڵێت: نیشانەکان بەئاشکرایی دەری دەخەن،، کە ئەم ڤایرۆسە نوێیە لە، کەسێکەوە بۆ، کەسێك دەگوازرێتەوە.

لە شەشی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ رۆژنامەی نیۆرك تایمز یەکەم راپۆرت دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە نوێیە بڵاو دەکاتەوە، لە هەمان راپۆرتدا (وانگ لینغا) ـــ، کە شارەزایە لەبواری نەخۆشییە درمییەکان لەسەنگافورە ـ دەڵێت: ئەو زۆر نیگەرانە لەوەی پزیشکان و زانایان لە چین ئازاد نەبوون لەگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

لە هەمان رۆژداش (سەنتەری CDC) بۆ نەخۆشییەکان لە ئەمەریکا، کۆمەڵێك بەربەستی، کەم لە ئاستی یەکەم (کەمترین ئاست) خستە جێبەجێکردن بۆ ئەو گەشتیارانەی لە وهانەوە بۆ ئەمەریکا دەگەڕێنەوە هەر لەهەمان رۆژدا (سەنتەری CDC) داوای لەچینییەکان کرد رێ بدات بەهاتنی شاندێك لەپسپۆرە ئەمەریکییەکان بۆ یارمەتیدان لە لێکۆڵینەوەکان لەڤایرۆسەکە، بەڵام حکومەتی چینی ئەو داوایەی ئەموریکای رەتکردەوە.

لە هەشتی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بەرپرسە باڵاکانی چین رایان گەیاند، ئەوان زانیاری وردیان لەدەستە لەسەر ئەم ڤایرۆسە نوێیە و گوتیان ئەم ڤایرۆسە مەترسیدار نییە و بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت لەلایەن ئەوانەوە، ئەمەش تواناکانی چین دەردەخات لەزاڵ بوون بەتەنیا بەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، لەم قۆناغەشدا (رێکخراوی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تەندروستی جیهانی) هیچ بەربەستێكی دانەنا لەپێش گەشتكردن لەوڵاتانی تری جیهانەوە بۆ ناوچەی وهان و چین بەگشتی.

١٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ دكتۆر (لی وێنلیانگ)، كە چەند هەفتەیەك بوو نەخۆشەكانی چارەسەر دەكرد تووشی كۆكە و هەوكردنی سیەكان بوو، بردرا بۆ یەكەی چاودێری چڕ.

لە ١١ی كانوونی دووەم بەرپرسانی تەندروستی لە وهان رایان گەیاند، هەموو حاڵەتەكان،، كە بریتی بوون ٧٣٩ نەخۆش لەوانە ٤١٩ كارمەندی تەندروستی بوون چاودێری دەكرێن و حاڵەتی نوێ تۆمار نەكراوە.

لە ١٣ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ یەكەم حاڵەت لە تایلەند تۆماركرا،، كە هاووڵاتییەكی چینی بوو، بەڵام هیچ پێوەندییەكی بەو بازاڕەی ئاژەڵانەوە نەبووە لەناوچەی وهانی چینی.

لە ١٥ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ یەكەم حاڵەت لە ژاپۆن تۆماركرا، لە١٧ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بەرپرسان لەسەنتەری كۆنترۆڵكردنی نەخۆشییەكان لە ئەمەریكا CDC رایان گەیاند،، كە پشكنین دەكەن بۆ هەموو ئەو هاووڵاتیی و گەشتیارانەی،، كە لە ناوچەی وهانی چینەوە دەگەڕێنەوە ئەمەریكا تەنیا لە سێ فڕۆكەخانەی لە شارەكانەی نیویۆرك، سان فرانسیسكۆ، لۆس ئەنجلۆس.

لە ١٨ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ وەزیری تەندروستی ئەمەریكا وتوێژی لەگەڵ سەرۆكی ئەمەریكا دۆناڵد ترامپ ئەنجامدا دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە نوێیە. لەهەمان رۆژدا بەبۆنەی سەری ساڵی چینی بەرپرسانی چین رێگەیاندا پتر لە ٤٠,٠٠٠ خێزان كۆببنەوە و بەیەكەوە ئاهەنگ بگێڕن.

لە ١٩ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ كۆمسیۆنی باڵای تەندروستی لە چین رایگەیاند، ڤایرۆسەكە لەناودەبەن و خۆ دوورخستنەوە لەتووش بوون كارێكی ئاسانە.

لە ٢٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ كۆمسیۆنی تەندروستی شارەوانی ناوچەی وهان بۆ دواجار رایگەیاند، لای ئەوان هیچ حاڵەتێكی تری نوێ نییە،، كە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە، لە هەمان رۆژدا لە هەرێمێكی تری چین (گوانگ دۆنگ) راگەێندرا،، كەوا دوو تووش بوون هەن، پێدەچێت لە رێی مرۆڤی ترەوە گوازرابنەوە بۆ ئەو، كەسانە.

لە ٢١ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ یەكەم حاڵەتی تووش بوون لە ئەمەریكا راگەیەندرا لە ولایەتی (واشنتن)، كەسێك بوو لە چین گەڕابووەوە. لە ٢٢ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ سەرۆكی رێكخراوی تەندروستی جیهانی دەستخۆشی لەبەرپرسانی چین دەكات بۆ باش مامەڵەكردن لەگەڵ دۆخی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە نوێیە.

چەند رۆژێك دوای ئەوە رێكخراوی تەندروستی جیهانی تیمێكی تایبەتی نارد بۆ وهان دڵنیایان كردەوە لەوەی ڤایرۆسەكە لە مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێك دەگوازرێتەوە. لەهەمان رۆژیش دا، كەناڵی ئەمەریكای (CNBC) لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ دۆناڵد ترامپ پرسیار لەمەترسیەكانی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە دەكات، ترەمپ دەڵێت: دۆخەكە لەئەمەریكا لەژێر كۆنترۆڵە، یەك، كەس تووش بووە و هەموو شتێك باش دەبێت.

لە ٢٣ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بەرپرسانی چینی فەرمانی، كەرەنتینەكردنی ناوچەی وهانیان دەركرد. لە ٢٤ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ یەكەم حاڵەت لەوڵاتی (ڤێتنام) تۆماركرا، دوو رۆژیش دوای ئەوە حاڵەتی نوێ لە ئەمەریكا

تۆمارکرا لە شاری (لۆس ئەنجلۆس) لە ویلایەتی (ئەریزۆنا). لە یەکی شووباتی ٢٠٢٠ دکتۆر (لی وێنلیانگ) دوای ئەوەی پێشتر پشکنینی بۆ کرابوو پێیان وت: تووشی ڤایرۆسەکە بووە و شەش رۆژ دوای ئەوە کۆچی دوایی کرد.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتۆن) پۆستیش دەزگای هەواڵگری ئەمەریکای CIA لەچەند راپۆرتێکی دا، ـــ، کە بۆ سەرۆکی ئەمەریکای ناردووە ـــ لە مانگی کانوونی دووەم و شوبات ئاگاداری کردووەتەوە لە رووداوەکانی چین و مەترسییەکان و پێشنیازی گرتنەبەری رێوشوێنی گرتووە، هەر بەپێی هەمان راپۆرت (ترەمپ) ئەو ئاگاداریانەی CIA پشتگوێ خستەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا یەکەم جار لەساڵی (١٩٦٠) بڵاوبوویەوە و حەوت جۆری هەیە. چوار جۆری ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، بەڵام جۆرەکانی تری مەترسیدارن و دەبنە هۆی مردن.

(ڤایرۆکی کۆرۆنا کۆڤیت- ١٩) ئەم جۆرەیان لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٩) لەرێی خواردنە دەرياييەکانەوە لە چین بڵاوبووەوە و لە ٩/ کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٠) لە لایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەجۆرێکی نوێ کۆرۆنا ناسێنرا. تاوەکو ئێستە ٢٤ی ١٠ی ٢٠٢٠ سەعات سێی عەسر بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق، هیچ جۆرە چارە سەر و پێکوتەیەك نەدۆزراوەتەوە بۆ ئەم نەخۆشیە و لەدنیادا کە بووەتە هۆی تووشبوونی ٤٢ ملیۆن و ٥٦٥ هەزار و ٨٥٢ هاووڵاتیی هەورەها مردنی یەك میلۆن و ١٥٠ هەزار و ٦٢٠ کەس و چاکبوونەوەی ٣١ میلۆن و ٤٦٧ هەزار و ٤٣٥ هاووڵاتیی و ئەمە جگە لەوەی نۆ ملیۆن و ٩٤٧ هەزار و ٧٩٧ کەس لە ژێر چاودێری وردی پزیشکیدان بە بەردەوامی، ( بەپێی ئا ماری فەرمی رێکخراوی تە ندروستی جیهانی https://elaph.com/coronavirus-statistics.html)

(کۆرۆنا): ڤایرۆسێکی گوازراوەیە واتا لە، کەسێکەوە بۆ، کەسێکی تر و لەنێوان ئاژەڵەکانەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، توشی ئەندامی هەناسە دەبێت، کۆکەی قورس، تای بەرز و هەناسە توند لەنیشانە سەرەکییەکانی نەخۆشییەکەن. (MFMER, 1998-2020)

**٢-٣- چۆنیەتی گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق:**

هەڵبەت هەمووان ئەوە باش دەزانین،، کە رێکارەکانی گواستنەوەی نەخۆشی چەندان رێی جیاوازی هەیە و بەپێی نەخۆشییەکە جۆری گواستنەوەکەش دەگۆڕێت.

ڤایرۆسی کۆرۆنا و گواستنەوەی بۆ کوردستان لە چەند رێگایەکەوە بوون لەوانەیش:

١- لەرێی سنووری زەمینی نێوان ئێران و تورکیا و سوریا و ئوردن و ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

٢- لەرێی فڕۆکەخانەکان و گەشتە نێودەوڵەتییەکان.

٣- لەرێی بیانییەکانەوە لەکاتی سەردانی کردنیان بۆ کوردستان بەهەر رێیەکی گواستنەوە بێت.

ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٢٠ لەیەکی مانگی ئادار سێ چوار حاڵەت لەهەرێمی کوردستان لەشاری سلێمانی تۆمارکرا و لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بەیاننامەی ژمارە یەکیان لەو بارەیەوە دەرکرد. تاکو ئەمڕۆ ٢٤ی ١٠ی ٢٠٢٠ سەعات سێی عەسر بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق، دواین ئاماری وەزارەتی تەندروستی

حکوومەتی هەرێمی کورد ستان ژمارة ٢٤١ی تایبەت بە نەخۆ شی ڤایرۆ سی کۆرۆنای نویَ COVID19، پشکنین بۆ ٦٠٠هەزار و ٩٩٦٣کەس کراوة، تێیدا تووشــبوون ٦٨هەزارو ٤٤ هاوولاتي بووە، هەروەها ٢٢٨٩ هاوولاتییش مردووە و ٢٦ هەزار و ٩٤ ، کەس لە ژێر چاودێری ووردی پزیشکیدان (وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کودستان- عێراق).

**٣-٣-خێزان و پێگەی کۆمەلاَیەتی**

بـابەتی پـەیوەنـدییە کۆمەلاَیەتییە گرنگییەکی زۆری پێدراوە لەلایەن زانـایـانی کۆمەڵنـاســی و دەروونزانی و پەروەردەناســان، لەوانەیش زانای کۆمەڵناســی (دۆرکهایم) تەزامنی کۆمەلاَیەتی شــیکردووەتەوە بۆ (میکانیکی و ئۆرگانی)،، کە پێی وایە گرێدراون بە جۆری کارەکان، دەڵێت: (وابەستەی میکانیکی) لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بڵاوە،، کە هەستی کۆمەڵی گرێدراوە بە هۆشـیاری کۆمەڵی و جۆری پێوەندییە کۆمەلاَیەتییە لێکچووەکان، کة تێیدا زاڵەترە، ئەوةش بە هۆی لێك چوونی دابونەریت و هەســت و ســۆزەکان، ئەم جۆرە پێوەندییە لە میکانیکی دەگۆڕدرێت بۆ ئۆرگانی هەرکاتێك دابەشــکردنی کارەکان زیاتر بێت و لێکچوونی هزری و ســۆزداری لە نێوان تاکەکانی، کەمتر دەبێتەوە، ئینجا تاك گەرایی ســەرهەڵدەدات و کۆنترۆڵی پێوەندییەکانی دەکات و جێی ویژدانی کۆمەڵ دەگرێتەوە. (الجولانی، ٢٠٠٤: ٤٣).

لەکاتێکدا پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکان لە کۆمەڵگە نوێیەکان لە سەر تەواوکاری دامەزراوە بەهۆی پسپۆرییەتی لە کار و فەرمانەکان، ئەویش دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی حاڵەتی لێکچوونی رەفتار و هەڵســوکەوتی تاکەکان و کارلێکردنیان، بەڵام لە کۆمەڵگە ســەرەتاییەکان پێوەندییەکان بەوە جیادەکرێنەوە،، کە پێوەندییەکی رووبەرووی راستەوخۆی توندوتۆڵ و پڕ لە حەز و ئارەزووی روون و قوڵە و ئازادن لەدەربڕینی بیروڕا و سۆزداری. (الجولانی، ٢٠٠٤: ٢٣).

کرۆکی پێوەندییەکان بریتییە لەئاڵوگۆڕی نێوان دوو، کەس یان زیاتر، رۆڵە تایبەتییەکانی دایك و باوك و برا و خوشك بنەمای سەرەکی پێوەندییە خێزانییەکان پێك دەهێن. (شریف، ٢٠٠٦: ١٩٦).

مرۆڤ ناتوانێت دوور لەخەڵکی بە تەنیا بژێت، ژیان پێکهاتوویەکی هاوبە شە لە سەر بە شداری و هاوکاری ئەنجام دەدرێت و لەمیانی ساڵەکانی سەرەتای ژیاندا زۆربەی پرۆسەی بەشدارییەکانی نێوان ئەندامەکانی خێزان روودەدرێت (أبوزید، ٢٠١١، ١١).

خێزان پێکهاتەیەکی ســەرەکیە بۆ هـەر کۆمـەڵگایـەك، خێزان ئـەوشــێوە کۆمـەلاَیـەتییـە یـة، کـەوا زۆربـەی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگا لەخۆی هەڵدەگرێت (ابن منظور) ئاماژە بەوە دەکات کەوا (أســرة) خێزان وەرگیراوە لە(الأسر ) واتە هێزو توانا، بۆیة بە(أسرة) خێزان پێناسە دەکرێت، کەوا: قەلاَیەکی پارێزراوە ئەندامانی خێزان پشت و پەنایی یەکترینە، یەکتری بەهێز دەکەن، هەریەکێك لەئەندامانی خێزان قەلاَیەکی پارێزەرە بۆ ئەوانی دیکە، و شەی (أسرە ) خێزان بەکاردێت بۆ کەسوکارو بنەماڵەی پیاو هەروەك وشەی (أسرە) خێزان بەکاردێت بۆ ئەو کۆمەڵەی، کە وا ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە (ابن منظور، ١٩٩٣، ص١).

هەروەها لەپەرتووکی(مختار الصحاح) کەوا (أسر) لە لابی الاسا- اسا چاوگەیە (مصدر) لەسەر وەزنی (الازار)واتە

قەد مەبەســـت لێی قەدی دارە  بۆیە  ناودەبرێت بە( الاســـیر والمأمور)، خێزانی پیاوەمەبەســـت لێی ئەوکەس وکارە نزیکانەیە کەوا پشتی پێیان ئەستوورە. (الرازی، ١٩٨٧: ١٦)

خێزان وەك ئاماژەمان پێ کرد یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکە لە کۆمەڵگە پێکهاتووە، هەر گۆرانێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتییەکەی رووبدات، کاریگەری دەبێت لەسەر سیستەمی ئابووری و سیاسی و ئایینی پەروەردەی، تەندروستی، دەروونی...هتد.

لەلایەکی ترەوە خێزان  بە یەکەیەکی سەرەکی دادەنرێت،، کە هەیکەلی کۆمەڵگەی لەسەر دروست دەبێت و شێوە و شەکلی بەهێزی و  لاوازی خێزانی لەسەر کۆمەڵگە رەنگ دەداتەوە.

(ســیمنر – Sumner) و (کیلر – Keller) پێیان وایە کۆمەڵێك پێداویســتی مرۆڤایەتی ســەرەکی هەن، کە ئەوانە بوونەتە هۆکاری سـەرهەڵدان و جۆری سـیسـتەمة  کۆمەڵایەتی وەك (برسـێتی، خۆشـەویستی، ترس... هتد..) (تزکیە، ٢٠١٤: ١٥-١٧).

بەڵام  ژینگەی خێزانیش گەشـەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ رۆڵەکانی ئامادە دەکات، بۆیە جیاوازی کار و پیشـەی باوك و دایك و فشـــارە خێزانییەکان و رووداوە نەرێنییەکانی لەژیاندا، لەوانەیە ببنە هۆی ســـەرهەڵدانی هەندێك بەربەســـتی دەروونی و نەتوانینی گونجانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەیش  ژینگەیەکی خێزانی دروســـت لەگەڵ خۆیان بهێنن لەوانەیە نەتوانن ببنە هۆی، کەمکردەوەی فشار و گرفتەکانی رۆژانە.

دورســـتی ســـەرکەوتنی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکانی خێزان بێگومان بەرەو گونجانو چاکســـازی حاڵەتەکانی تاکەکانی هەنگاو دەنێت، بەپێچەوانەوەیش تێکچوون و ناسـەقامگیری پێوەندییە خێزانییەکان بەرەو لادانی گەشـەی سروشتی پێوەندیەکان دەچێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیە خێزانییەکان و لاوازی یەکگرتوویەتی و  دواتریش کاریگەری لەســەر گەشــەی، کەســایەتی رۆڵەکانیان دروســت دەکات (ابوزید ، ٢٠١١: ٥٨). جا خێزان  لەژیانیدا پشــت بە چەندان بنەمای  سەرەکی دەبەستێت، تا توانای ئەنجامدانی کارو فەرمانەکانی وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەبێت.

لەلاییەکی ترەوە ســـەرکەوتنی خێزان و گونجاندنی کۆمەڵایەتییان لەســـەر تەواوکاری و  کامڵی ئەم بنەمایانە وەستاون.

بۆ نمونە: خێزان پێویســتی بەداهاتێکی ئابووری گونجاوە تابتوانێت پێداویســتییە ســەرەکییەکانی ژیانی خۆی لە شـوێن ۆ خواردن و جل و بەرگ دابێن بکات.. هەروەها تەندروســتی لاشــەی و خزمەت گوزارییە تەندروســتییەکان و هەروەها پێویستی بە تەندرو ستی دەرونی هەیە، تاوەکو  یارمەتی دەربێت بۆ رووبەرووبوونەوی گرفت وناخۆ شی و بەربە ستەکانی ژیانیو  کارێکی ئەرێنی لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکان، ئەویش پێویستی بە پێویەندییە کۆمەڵایەتییە دروسـتەکانە تاوەکو هێزو توانای لا دروسـت بکات بۆ زاڵ بوون بەسـەر ئەو بەربەسـتانەی دەبنە رێگر لەبەردەم واتای هاریکاری و خۆ شەویستی و  سۆزداری و لەجێی دڵەراوکێ و ململانێ لە  سەرووی  هەموو ئەمانەیشەوە پێویستی بە کۆمەڵێ بەهـای بەرز و جوان هەیە بۆ فێربوون راهێنـانیـان لەســـەر خۆشـــەویســـتی و خۆبەخشـــی و هەســـتی بەرپرسیاریەتی و رەوشتی بەرزی وەك  دڵسۆزی و دەست پاکی و خاکییەتی لە کاتی مامەڵەکردن ناوخێزان و پێوەندی

بەخێزان و کۆمەڵەگەکانی تری کۆمەڵگە (ابوزید ،٢٠١١: ٢٣).

لایەنی ئابووری و بژێوی بۆ مرۆڤ، کۆڵەکەی گەورەو کاریگەری لەسەر خودی تاك و خێزان هەیەو دەبێت، لە لایەکی ترەوە ئەو بارودۆخەجۆراو جۆرە سیاسی و ئابووری و گۆڕانی جیهانی و هەرێمی و ناوخۆیانەی، کە بەسەر کۆمەڵگادا تێدەپەڕێت لەوانەش پەتای کۆرۆناو کەرنتینە کردنی خەڵکیی لەماڵەکانیان و نەمانی بازاڕ و کرین و فرۆشتن وکەم کردنەوەو دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و گران بوونی نرخی شتوومەکە پێویستەکانی رۆژانەو بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەراوکێ لەم بارودۆخە ئابووریە خراپەی، کە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هات، گشت ئەمانە وای لە مرۆڤەکان کرد، کەوا پێداچوونەوە بکرێ بە کاڵا پێداویستی و ناپێداویستییەکان و پاشەکەوتکردن و هەستکردن بە ژیانی لە خۆم ئاست ئابووری نزم تر لە هەژارو کرێکارو پەنابەرو بەندکراو دانیشتووانی کەمپەکان، هەروەها دووبارە گرنگی بدرێ بە سەرچاوەیەکی بژێوی تر، کە ئەمانە هەموویان ئەو کاریگەریانە بەدەر بخەن، کە لە سەروو باسمان کردن.

بێگومان لایەنی تەندروستی گرنگی لە ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگادا هەیەو کارتێکراو دەبێت بەودیاردەو دۆخە خراپانەی، بەسەر لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگادا دێت.

لە لایەکی ترەوە ئاستی هۆشیاری و بەرپرسیاریەتی تاکەکانی کۆمەڵگا بڕیار لە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەخوازراوانەی دەدات کە بەسەر کۆمەڵگادا دێت، لەدیاردەی سروشتی و جۆراوجۆرو بڵاو بوونەوەی پەتاو نەخۆشی ترسناکی جیهانی، وەك پەتای کۆرۆنا، کە تێیدا تاك هەستی بەگرنگیدان بە پاك و خاوێنی زیاتری خۆیان کرد، ئەوەش لە رێگەی بەکارهێنانی سابوون و پاککەرەکان و هەڵبژاردنی خواردن و خواردنەوەی تەندرو ستی و پاك راگرتنی ژینگەی بچووکی ماڵ و ژینگەی گەورەی دەوروبەرو هۆشیار بوونەوەی لەمەترسیاکان و دەرهاویشتەکانی ئەو پەتایە لەرێگەی خۆپارێزی ودوور کەوتنەوە. لەهۆکاری بڵاوبوونەوەی. لەکۆتاییشدا دەرکەوتنی رۆڵی کارمەندانی تەندروستی لەژیانی تاك کۆمەڵگەدا لەبارودۆخە جیاوازەکان ژیاندا.

سەرباری گرنگی لایەنی ئابووری و کۆلایەتی کاریگەری ئەرێنی لەسەر تاك و خێزان دەردەخات وەك دەرکەوتنی تواناو لێهاتووی تاك و وشیاری وگرنگی کات و شارەزا بوون ناسینی زیاتری خود لەبارودۆخە جۆراو جۆرەکانی، کە بە سەر کۆمەڵگەدا دێت و دواتریش پێداچوونەوە بە پلان و خشتەی رۆژانە و هەروەها دەرکەوتن و هە ست کردن بە گرنگی رۆڵی دام ودەزگا ئەمینەکان لەپاراستنی تاك و بەرژەوەمدییەکانیان لەو بارودۆخە ئاڵۆزو نەخوازیارانە و بەپیچەوانەوەش.

**٤-بەشی سێیەم: هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوە:**

**٤-١ میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بەمیتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی ببەسترێت، چونکە لە میتۆدە زۆر پێویستەکانە بۆ شرۆڤەکردنی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەو سەدە جیاوازەکان. (عبدالباقی، ١٩٧٤: ٣٤٥)

**٤-١-١ کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەمان بریتییە لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان نزیکەی (٦،١٧١،٠٨٣)، کەسە(*).

نمونەی توێژینەوەکەشمان بریتییە لەهەر تاکێکی هەرێمی کوردستان لەرەگەزی نێر و مێ لەماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە بتوانێت لەرێی ئامرازە ئەلکترۆنییەکان (لینک) هەریەکە بۆ یەکێکی تر بنێرێت و تەمەنیان لە ١٨ ساڵ، کەمتر نەبێت ئەویش لەرێگەی خۆیەوە بۆ هاورێ و ناسیاوەکانی بنێرن بەم شێوەیە تاوەکو زۆرترین رێژەی بەشداری لەراپرسی توێژینەوەکە دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی ناهەرەمەکی تۆپەڵە بەفر بەکارهاتووە.

**٤-١-٢- بوارەکانی توێژینەوە:**

شوێنی ئەم توێژینەوەیە لەهەرێمی کوردستانی عێراقە ئەنجامدراوە ، کە هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە هەر لەزاخۆوە تاکو کفری و کەلار.

**٤-١-٣ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێکهاتبوو لە پرسیارنامەی ئامادەکراو، کەپێشانی چەند پسپۆر و شارەزایەکماندا[1] لەبوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی دا و ئەوانیش تێبینی خۆیان لەسەر نووسی و راستگۆی ئامرازەکەش (٨٣%) بوو، بەڵام بۆ دەرهێنانی جێگری ئامرازی توێژینەوەکە نمونەیەکی (١٠)، کەسیمان لەرەگەزی نێر و مێ وەرگرت پرسیارنامەکەمان بۆ ناردن، لەدوای تێپەڕبوونی (١٤) رۆژ دوو بارە پرسیارنامەکەمان بۆ هەمان ئەو (١٠)، کەسی پێشوو ناردەوە و زانیارییەکانمان رێکخستن و لەکۆتاییدا جێگری

---

(*) (دەستەی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق لە دواین ئاماری مێژووی (٢٠٢٠/٨/٢٩).

(١) ١-پ.د. طاهر حسو/ زانکۆی صلاح الدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی.

٢- پ.د. عمر یاسین/ زانکۆی صلاح الدین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی دەروونزانی.

٣- پ.د. صباح نجار/ زانکۆی صلاح الدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی.

٤- پ.د. چاچان جمعە محمد/ زانکۆی دهۆک/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی دەروونزانی.

٥- پ.د. سلیم بطرس/ زانکۆی صلاح الدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی.

٦- پ.د. حسین / زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی کۆمەڵناسی.

٧- پ.د. حمدان رمضان محمد/ زانکۆی موصل/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی.

٨-پ.د. نەجاة فرج/ زانکۆی سلێمانی/ فاکلتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی کۆمەڵناسی.

ئامرازەکەش (٩١%) دەرچوو.

**٤-١-٤ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە:**

توێژەر هەوڵیداوە پرۆگرامی (SPSS) بۆ کاری ئاماری توێژینەوەکە بەکار بهێنێت.

**٢-٤- خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە:**

سەبارەت بەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەمان دەبێتە دوو بەش:

**١-٢-٤** خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتا گشتییەکان، کەپێکهاتووە لە (٦) گۆڕاو .داتا گشتییەکانی توێژینەوەکە چەندین لایەنی شاراوەمان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ دەردەخات، لەوانەیش:-

**خشتەی ژمارە (١)**

**گۆڕاوەکانی نمونەی توێژینەوە دەخاتەروو**

| ز | | گۆڕاو گۆی وەڵامەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رەگەز | نێر | ٢٧٨ | ٦٠,٦ |
| | | مێ | ١٨١ | ٣٩,٤ |
| ٢ | تەمەن | ١٨-٢٧ | ١٨٨ | ٤١ |
| | | ٢٨-٣٧ | ٩٠ | ١٩,٦ |
| | | ٣٨-٤٧ | ٩٣ | ٢٠,٣ |
| | | ٤٨-٥٧ | ٧١ | ١٥,٥ |
| | | ٥٨-٦٧ | ١٧ | ٣,٧ |
| ٣ | شوێن نیشتەجێ | هەولێر | ٢٨٩ | ٦٣ |
| | | سلێمانی | ٦٤ | ١٣,٩ |
| | | دهۆك | ٦٧ | ١٤,٦ |
| | | هەڵەبجە | ٨ | ١,٧ |
| | | گەرمیان | ٦ | ١,٣ |
| | | راپەرین | ٢٥ | ٥,٤ |
| ٤ | ئاستی خوێندەواری | سەرەتایی | ٣ | ٠,٧ |
| | | ناوەندی | ٣ | ٠,٧ |
| | | ئامادەیی | ١٩ | ٤,١ |
| | | پەیمانگا | ٣١ | ٦,٨ |
| | | زانکۆ | ٢٩٣ | ٦٣,٨ |
| | | خوێندنی باڵا | ١١٠ | ٢٤ |
| ٥ | باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ١٩٧ | ٤٢,٩ |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | خێزاندار | ٢٦٢ | ٥٧,١ |
| ٦ | جۆری پیشە | فەرمانبەری حکومی | ٢١٤ | ٤٦,٦ |
| | | کاسب – کاری سەربەخۆ | ٢٣ | ٥ |
| | | پێشمەرگە | ١٠ | ٢,٢ |
| | | پۆلیس | ٥ | ١,١ |
| | | ئاسایش | ٣ | ٠,٧ |
| | | کاری ئازاد | ١٨ | ٣,٩ |
| | | ژنی ماڵ/ کابان | ١٠ | ٢,٢ |
| | | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ١٤ | ٣,١ |
| | | بێکار | ٦٩ | ١٥ |
| | | دیکە | ٩٣ | ٢٠,٣ |

- سەبارەت بەرەگەزی توێژینەوەکە رێژەیەکی گونجاو لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەشداریان لە راپرسییەکە کردووە، بەڵام وەك زۆرجار لەکۆمەڵگەی کوردیدا رەگەزی نێر زیاتر بەشداری لەکایەکانی ژیان دەکەن، ئەمەیش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانەش: تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا، کە زیاتر فشاری خستووەتە سەر و هێشتنەوەیان لەماڵەوە و دەست بەتاڵیان پێوە دیار بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١)، کەبەرێژەی (٦٠,٦%) لە نمونەی توێژینەوەکە نێر بوون و بەرێژەی (٣٩,٤%) رەگەزی مێ بوون. دەتوانین لەلایەکی ترەوە بڵێین، کە ئافرەتی کورد بەهۆی تایبەتمەندیەکانی خۆی زۆرکات لە ماڵەوە بوونە بۆیە ئەم، کەرەنتینەیە زۆر فشاری نەخستبووە سەریان.

- سەبارەت بەتەمەنی نمونەی توێژینەوەکە شمان ریژەی زۆری بە شداربووان تەمەنیان لەنێوان (١٨ تا ٢٧) ساڵی دا بووە، کە بە رێژەی (٤١%) بوون ئەمانەیش زیاتر قوتابیان و ئەوانەن، کە پرۆسەی خوێندنیان تازە تەواو کردووە، ئەو کەرەنتینەیەش فشارێکی زۆری کردووەتە سەریان، ئەم تەمەنانە دەتوانین ناویان بنێین نەوەی ئەلیکترۆنی، کە کاتێکی زۆری پێوە خەریك دەبن، چونکە ئەم راپرسیە بەشێوەی لینك بۆ بەشداربوونیان ناردراوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوانەی، کە تەمەنیان لەنێوان (٥٨ تا ٦٧) ساڵی دا بوونە بەشداری کردنیان، کەمەو بەرێژەی (٣,٧%) بوونە, بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی باشە بە ئاشنابوونی ئەم توێژە بە ئەلیکترۆنیات و بەشداری کردنیان لەراپرسی توێژینەوەیەکی زانستی، لە لایەکی ترەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە نەوەی ئەم سەردەمە لە پێوەندیەکی باش دان لەگەڵ بەساڵاچووەکان، بۆ نمونە: دەکرێت کوڕێك بەشداری راپرسیەکە بکات و دواتریش لەرێگای لینکەکەوە بەشداری باب و باپیرانی لە فۆرمێکی تر بکەن.

-بەڵام سەبارەت بة شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستەی نمونەکە دەردەخات، کە ناهاوسەنگیەکی گەورە لەنێوان بەشداربووانی راپرسیەکە بەدی دەکرێت بۆ نمونە (٧٧,٦%) لە بەشداربووان لە شاری هەولێر و دهۆکن لە کاتێکدا رێژەی (٢٢,٤%) لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی راپەرین و گەرمیان بوون، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

چەند هۆکارێك لەوانە خراپی خزمەتگوزاری هێڵی ئینتەرنێت، نزمی ئاستی بژێوی دانیشتووانی ئەو شار و شارۆکانە، هەروەها بێزاری خەڵك لە، کەرەنتینە و بارودۆخی تەندروستی نالەبار و سەرباری خراپی بارودۆخی سیاسی وای کردووە خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر، کەم باوەڕیان بەتوێژینەوەی زانستی بێت.

-لەکاتێکدا خشتەکە ئاستی زانستی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئاماژەیەکی زۆرباشە، کە زیاتر لە (٩٤%)ی نمونەکە لەئاستی پەیمانگا و زانکۆ و خوێندنی باڵادان، ئەمە لەلایەك گرنگی کۆمەڵگەی کوردی بەزانست و بڕوانامە دەردەخات لەلایەکی ترەوەیش دەرخەری ئەو راستییە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە زیاتر هەلی بۆ زانکۆ حکوومی و ئەهلیەکان رەخساندووە، بەپێی توانایش لەسەر خەرجی حکومەت سەدەها قوتابی ناردووەتە دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندنی جۆراوجۆر.

-هەروەها سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات، کە تێدا بەرێژەی (صفر%)ی حاڵەتی جیابوونەوەی تێدا دەرکەوتووە ئەمەیش لەوانەیە بۆ دوو لایەن دەگەڕێتەوە یەکەم بۆ یەکگرتوویی خێزانی کوردەواری، کەمی گیروگرفتی، کە ناگاتە ئاستی جیابوونەوەیان و لایەنی دووەمیش تاکی کوردی هێشتا پێی، کەمی و عەیبە، کەباس لەوە بکات، کەجیابووەتەوە، چونکە جیابوونەوەی بەکارەسات و عەیبە دەزانێت هەر بۆیە ئامادە نییە دان بەو راستییە بنێت، یان ئەو جیابوونەوەیە فشارێکی دەروونی بەهێزی خستووەتە سەریان بۆیە ئارەزوو توانای وەڵامدانەوی ئەم جۆرە پرسیارنامەیان نییە و نەماوە.

بەڵام لەهەمان کاتدا رێژەی (٤٣%)ی نمونەی توێژینەوەکە سەڵتن، ئەمەیش زەنگێکی ترسناك بۆ لایەنی نەرێنی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدات چونکە کۆمەڵگەی کوردی ئێستە کۆمەڵگەیەکی داخراوە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشووی خۆیدا بەتایبەتی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بۆ خراپی باری ئابووری وڵات کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر باری ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگە جێهێشتووە، یان نەبوونی پلانێکی تۆکمەی حکومەت لەخەم خواردن و چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرێژەی (٥٧%)ی نمونەی توێژینەوەکە خێزاندار بوون.

-لەکۆتاییدا خشتەکە جۆری پیشەی نموونەی توێژەر دەردەخات، کە بە رێژەی (٤٦،٦%) نمونەی توێژینەوەکە دەڵێن، کە مووچە خۆری حکومەتن ئەمەیش چەند لایەنێك لەخۆدەگرێت لە لایەن گرنگی دامەزراندن و مووچە خۆری لای تاکی کوردو تەمبەڵی تاکی کورد نیشان دەدات، هەروەها شکستی حکومەتی هەرێم لەبەرهەمهێنانی نەوەیەکی مشەخۆر لەمیانی (٢٨) ساڵ حووکمڕانی ئەمەیش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و بۆتە گرفت لەگەڵ حکومەتی ناوەنی عێراق لەکاتێکدا ئێستە رێژەی دانیشتووانی هەرێم (٦،١٧١،٠٨٣) و ئەوەنەیش فەرمانبەری هەیە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠).

لە هەمان کاتدا (١٥%)ی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بێکارن، ئەم رێژەیەش چەند ئاماژەیەك لە خۆ دەگرێت لەوانەیش نەبوونی بیرۆکەی کاری ئازاد و سەربەخۆ لەلای گەنجی کورد، لە لایەکی ترەوەیش زۆری شکستی گەنجان و ئامادەنەبوونی باوانیان لە دووبارە یارمتیدانیان لەبەر خراپی باری ئابووری هەرێم، هەروەها وەك پێویست حکومەتیش هیچ هەنگاوێکی ڕژدی نەهاویشتووە لەم بوارەدا.

**٣-٤-** خستنە روو و شیکردنەوەی داتا تایبەتییەکانی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە (٤) تەوەری (خێزان، ئابووری، تەندروستی، خوودی) هەریەك لەم تەوەرانەیش (١٠) بڕگە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-٣-٤-تەوەری خێزان**

**خشتەی ژمارە (٢)**

**وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەکەرەنتینە بەپێی تەوەری خێزان دەخاتە ڕوو:**

| تەوەر | برگە | وەڵام | | | ن.ژ. سەنگراو | کێشی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | تاردەیەك | نەخێر | | | |
| خێزان | ١-کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ متمانەی زیاتری نێوان خۆم و هاوسەرەکەم لەماڵ | ٢٢٥ | ١٩٠ | ٤٤ | ٢,٣٩ | ٠,٨٠ | ٣ |
| | | %٤٩ | %٤١ | %١٠ | | | |
| | ٢-کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ هەست کردنم بەگرانی کاری هاوسەرەکەم لەماڵەوە | ٢٣١ | ١٥٢ | ٧٦ | ٢,٣٤ | ٠,٧٨ | ٥ |
| | | %٥٠ | %٣٣ | %١٧ | | | |
| | ٣- کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ زیاتر نزیك بوونەوەم لة مندالەکانم | ٣١٥ | ١٠٣ | ٤١ | ٢,٦٠ | ٠,٨٧ | ١ |
| | | %٦٩ | %٢٢ | %٩ | | | |
| | ٤- کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ بەرنامە رێژی ژیانی خێزان | ٢٢٤ | ١٧٦ | ٥٩ | ٢,٣٦ | ٠,٧٩ | ٤ |
| | | %٤٩ | %٣٨ | %١٣ | | | |
| | ٥-کەرنتینە بووە هۆی چاکردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو | ١٢٨ | ٢٢٧ | ١٠٤ | ٢,٠٥ | ٠,٦٨ | ٧ |
| | | %٢٨ | %٤٩ | %٢٣ | | | |
| | ٦-کەرنتینە بووە هۆی زیاد بوونی تونو تیژی خێزان | ٦١ | ٢٠٣ | ١٩٥ | ١,٧١ | ٠,٥٧ | ١٠ |
| | | %١٣,٣ | %٤٤,٢ | %٤٢,٥ | | | |
| | ٧-کەرنتینە بووە هۆی قۆڵترو زیاد بوونی گرفتی خێزان | ٧٢ | ١٩١ | ١٩٦ | ١,٧٣ | ٠,٥٨ | ٩ |
| | | %١٥,٧ | %٤١,٦ | %٤٢,٧ | | | |
| | ٨-کەرنتینە بووە هۆی دوورکەوتنەوەم لەجەنجاڵی ژیان | ٢٨٣ | ١٣٣ | ٤٣ | ٢,٥٢ | ٠,٨٤ | ٢ |
| | | %٦٢ | %٢٩ | %٩ | | | |
| | ٩- کەرنتینە دەرفتێك بوو بۆ زیاتر شارەزابوون لەپرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر. | ١٣٣ | ١٨٦ | ١٤٠ | ١,٩٨ | ٠,٦٦ | ٨ |
| | | %٢٩ | %٤٠,٥ | %٣٠,٥ | | | |
| | ١٠-کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ کات لەفیرۆنەدان لەماڵەوە | ١٨٦ | ١٧٥ | ٩٨ | ٢,١٩ | ٠,٧٣ | ٦ |
| | | %٤١ | %٣٨ | %٢١ | | | |
| | کۆی گشتی تەوەر | | | | ٢,١٩ | ٠,٧٣ | |

سەبارەت بەریزبەندی بڕگەکانی تەوەری خێزان بەم شێوەیە بوو (١، ٢، ٣، ٤ ،٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) بەکێشی سەدی (٠,٨٧، ٠,٨٤، ٠,٨٠، ٠,٧٩، ٠,٧٨، ٠,٧٣، ٠,٦٨، ٠,٦٦، ٠,٥٨، ٠,٥٧).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەوەی لەم خشـــتەیەدەرکەوێت کەرەنتینە بووەتە هۆی ئەوەی، تاکەکانی خێزان دووبارە بەرنامەڕێژی ژیانی خێزانی خۆیان بکەنەوە دووربخاتەوە لەجەنجاڵی ژیان و زیاتر لەماڵەوە بمێنەوە و ئەوەیش بووەتە هۆی زیاتر نزیک بوونەوەیان لە منداڵەکان و پەروەردەکردنیان بۆە هۆی زۆربوونی متمانە لەنێوان تاکەکانی خێزان، لەهەمان خشـــتەدا لە ریزبەندی بڕگەکان (٩، ١٠) دەردەکەوێت کە کەرەنتینە نەبووەتە هۆی زیادبوونی گرفت و توندوتیژی خێزانی بەڵکو ئەمەیش پاڵپشتکردنە بۆ بڕگەکانی (١ ، ٢، ٣).

**٢-٣-٤- تەوەری ئابووری:**

**خشتەی ژمارە (٣)**

**وەڵامی توێژینەوەکە سەبارەت بە، کەرەنتینە لەلایەنی ئابووری دەخاتەروو:**

| تەوەر | برگە | وەڵام | | | ن.ژ. سەنگراو | کێشی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | تاردەیەك | نەخێر | | | |
| ئابووری | ١-کەرنتینە بیرکەی گرنگی دامەزراندن و موچە خۆری لا دروست کردم | ١٨٧ | ١٥١ | ١٢١ | ٢,١٤ | ٠,٧١ | ١٠ |
| | | %٤١ | %٣٣ | ٢٦% | | | |
| | ٢-کەنتینە دەرفەتێکە بۆ بەرێوەبردن و کۆنترۆڵ کردنی خەرجییەکان | ٢٧٩ | ١٣٩ | ٤١ | ٢,٥٢ | ٠,٨٤ | ٨ |
| | | %٦١ | %٣٠ | %٩ | | | |
| | ٣-کەرنتینە کردن بیرۆکەی گرنگی پارەی سپی بۆ رۆژی رەش لادروست کردم | ٣٣٢ | ١٠٣ | ٢٤ | ٢,٦٧ | ٠,٨٩ | ٢,٥ |
| | | %٧٢,٣ | %٢٢,٥ | %٥,٢ | | | |
| | ٤-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ بیرکردنەوە لەئابوورییەکی سەربەخۆ | ٣١١ | ١٠٦ | ٤٢ | ٢,٥٩ | ٠,٨٦ | ٥,٥ |
| | | %٦٨ | %٢٣ | %٩ | | | |
| | ٥-کەرنتینە دەرفەتێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەشتومەکە ناپێویستییەکان | ٣٤١ | ١٠١ | ١٧ | ٢,٧١ | ٠,٩٠ | ١ |
| | | %٧٤ | %٢٢ | %٤ | | | |
| | ٦-کەرنتینە کردن دەرفەتێك بوو بۆ دەرخستن و زانینی خەرجییە زیادەکان. | ٣١١ | ١٢٤ | ٢٤ | ٢,٦٣ | ٠,٨٨ | ٤ |
| | | %٦٨ | %٢٧ | %٥ | | | |
| | ٧-کەرنتینە کردن دەرفەتێك بوو بۆ ناسینی نەرێنی مانەوە لەماڵەوە | ٢٤٥ | ١٧١ | ٤٣ | ٢,٤٤ | ٠,٨١ | ٩ |
| | | %٥٣,٤ | %٣٧,٢ | %٩,٤ | | | |
| | ٨-کەرنتینە کردن بیرۆکەی ژیانی ناخۆشـی کرێکارو دەسـت گێرەکانی لادروست کردم | ٣٣٧ | ٩١ | ٣١ | ٢,٦٧ | ٠,٨٩ | ٢,٥ |
| | | %٧٣ | %٢٠ | %٧ | | | |
| | ٩-کەرنتینە کردن بیرۆکەی گرنگی بەرهەمهێنانی بواری کشتوکاڵی وئاژداری بۆ ژیانی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگا لا دروست کردم. | ٢٩٣ | ١٢٠ | ٤٦ | ٢,٥٤ | ٠,٨٥ | ٧ |
| | | %٦٤ | %٢٦٢ | %١٠ | | | |
| | ١٠-کەرنتینە کردن بیرۆکەی ژیانی | ٢٩٩ | ١٢٣ | ٣٧ | ٢,٥٧ | ٠,٨٦ | ٥,٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بە ندکراوو دانیشـــتوویی کەمپە کان و هەژارانی لە لا دروست کردم. | ٦٥% | ٢٧% | ٨% | | | |
| | کۆی گشتی تەوەر | | | | ٢,٥٥ | ٠,٨٥ | |

لە خشـتەی لای سـەرەوە ریزبەندی بڕگەکانی تەوەری ئابووری دەردەخات بەمشـێوەیە (١، ٢,٥، ٢,٥، ٤، ٥,٥، ٥,٥، ٧، ٨، ٩، ١٠).

بەکێشـی سـەدی (٠,٩٠، ٠,٨٩، ٠,٨٩، ٠,٨٨، ٠,٨٦، ٠,٨٦، ٠,٨٥، ٠,٨٤، ٠,٨١، ٠,٧١)بەپێی ڕێژەکانی سـەرەوەدەردەکەوێت، کەرەنتینە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی دووربکەونەوە لەکڕینی شـتومەکە ناپێویسـتییەکان، دواتریش بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە پاشەکەوت بدەن و سوود لە پەندی پێشینان وەرگرن، کە دەڵێت: (پارەی سپی بۆ ڕۆژی رەش) (الطناحي، ٢٠٠١: ٤٢٥)

هەروەها ئەم باروو دۆخە تەندروسـتییە وئابوورییە خراپەیش، کە بەهۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنا و کەرەنتینەوە دروسـت بوو، وای لە خەڵکی کرد، کە هەسـتی مرۆڤایەتیان زیاتر لەهەرکاتێکی دیکە بجولێت و هەسـت بەناخۆشـی ژیانی کرێکاران و دەسـتیگێرەکان و هەژار و ئاوارە بیانیەکان کە ژمارەیان (٢٦٠,٧٦٧) کەسـن لەناو کەمپەکان و هاوولاتییانی ناوەڕاست باشووری عێراق لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون لەسەر خەرجی خۆیان ژیان بەسەر دەبەن و لەکەمپەکاندا سـەرباری نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار پەنابەری ئێرانی تورك و فەڵەسـتینی دەژین (دەسـتەی ئاماری وەزارەتی پلان دانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان عێراق).

لەهەمان خشـتەدا ئەم باروودۆخە خراپەی، خەڵکی تێی کەوتووە بە هۆی کەرەنتینە و مانەوەیان لەماڵەوە بـەکارێکی نـەرێنی دابنرێـت چونکـە لـەتـەوەری خێزان هـەمـان کـاریگـەری هـەبووە و پـاڵپشـتـی دەکـات بڕوانـە ریزبەندیەکانی(١، ٢، ٣) هەروەها لەلایەکی تر خراپی باری فەرمابنەران و نەبوونی مووچە یان دواکەوتنی بۆماوەیەکی زۆر وای لە نموونەی توێژینەوەکە نەکرد گرنگی بە دامەزراندن و مووچەی خۆری بدەن. کە ئێسـتە ژمارەیان (١,٢٥١,٤٥١) فەرمانبەرە (هەورامی ، ٢٠٢٠)

**٣-٣-٤-تەوەری تەندروستی**

**خشتەی ژمارە(٤)**

**وەڵامی توێژینەوەکە سەبارەت بە کەرەنتینە لەلایەنی تەندروستی دەردەخات**

| تەوەر | برگە | وەڵام: بەڵێ | وەڵام: تاردەیەك | وەڵام: نەخێر | ن.ژ. سەنگراو | کێشی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەندروستی | ١-کەرنتینە بیرۆکەی گرنگی وبایەخدان بەپاك و خاوەنی روخسارو مرۆڤ لەلا دروستکردم | ٣٢٤ | ١٠١ | ٣٤ | ٢,٦٣ | ٠,٨٨ | ٦ |
| | | ٧١% | ٢٢% | ٧% | | | |
| | ٢-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆگرنگی دان بەتدروستی تاکەکانی کۆمەڵگ | ٣٤٣ | ٩٢ | ٢٤ | ٢,٦٩ | ٠,٩٠ | ٣,٥ |
| | | ٧٥% | ٢٠% | ٥% | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٣-كەرنتینە بیرۆكەی گرنگی هۆشیاری تەندروستی لای تاكەكانی كۆمەڵگا لادروستكردم | ٣٤٣ | ٩١ | ٢٥ | ٢,٦٩ | ٠,٩٠ | ٣,٥ |
| | | %٧٥ | %٢٠ | %٥ | | | |
| | ٤-كەرنتینە بیرۆكەی گرنگی خۆ پاراستن لەنەخۆش وڤایرۆسەكان لا دروستكردم | ٣٦٠ | ٧٧ | ٢٢ | ٢,٧٤ | ٠,٩١ | ١,٥ |
| | | %٧٨ | %١٧ | %٥ | | | |
| | ٥-كەرنتینە بیرۆكەی جیاوازی تاكایەتی لەبەرگری لەش لەلا دروست كردم | ٢٩٧ | ١٢٩ | ٣٣ | ٢,٥٨ | ٠,٨٦ | ٨,٥ |
| | | %٦٥ | %٢٨ | %٧ | | | |
| | ٦-كەرنتینە بیرۆكەی گرنگی خواردن و خواردنەوە تەندروستییەكان بۆ ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگا لادروستكردم | ٢٩٢ | ١٢٧ | ٤٠ | ٢,٥٥ | ٠,٨٥ | ١٠ |
| | | %٦٣,٦ | %٢٧,٧ | %٨,٧ | | | |
| | ٧-كەرنتینە بیرۆكەی بایەخی بەكارهێنانی سابوون وپاككەرەوەكانی لەژیانی تاكەكانی كۆمەڵگا لا دروستكردم | ٣١٥ | ١٠٧ | ٣٧ | ٢,٦١ | ٠,٨٧ | ٧ |
| | | %٦٩ | %٢٣ | %٨ | | | |
| | ٨-تەندروستی تاجێكە لەسەر تەندروستەكان تەنیا نەخۆشكان نرخی دەزانن (عمر، ٢٠٠٧: ٣٠٤) | ٣٠٥ | ١٢٠ | ٣٤ | ٢,٥٩ | ٠,٨٦ | ٨,٥ |
| | | %٦٦,٥ | %٢٦,١ | %٧,٤ | | | |
| | ٩-كەرنتینە بیرۆكەی بەهەند زانینی كاری كارمەندە تەندروستیەكان بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیان لا دروستكردم. | ٣٢٨ | ١٠٩ | ٢٢ | ٢,٦٧ | ٠,٨٩ | ٥ |
| | | %٧١ | %٢٤ | %٥ | | | |
| | ١٠-كەرنتینە بیرۆكەی گرنگ و بایەخی پاك وخاوێن راگرتنی ژینگە لەسەر ژیانی هاوڵاتیان لا دروستكردم | ٣٠٥ | ٨٦ | ٢٢ | ٢,٧٢ | ٠,٩١ | ١,٥ |
| | | %٧٦ | %١٩ | %٥ | | | |
| | كۆی گشتی تەوەر | | | | ٢,٦٥ | ٠,٨٨ | |

سەبارەت بەخشتەی ژمارە (٤) ریزبەندی بڕگەكانی تەوەری تەندروستی دەردەخات بەم شێوەیە (١,٥، ١,٥، ٣,٥، ٣,٥، ٥، ٦، ٧، ٨,٥، ٨,٥، ١٠). بەكێشی سەدی (٠,٩١، ٠,٩١، ٠,٩٠، ٠,٩٠، ٠,٨٩، ٠,٨٨، ٠,٨٧، ٠,٨٦، ٠,٨٦، ٠,٨٥) ئەوەی لەم خشتەیە دەركەوتووە كەرەنتینە بووەتە هۆی زیاتر گرنگی دانی تاك بەخۆپاراستن لەنەخۆشی و ڤایرۆسەكان و گرنگی پاك و خاوێنی ژینگە و هۆشیاری تەندروستی، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا راستی و دروستبوونی پێوەندیەكی جەدەلی لە نێوان وەڵامی ئەو برگانە دەردخات (هۆشیاری خۆ پاراستن و ژینگە) و پاك و خاوێنی ژینگە و خۆپاراستن لە نەخۆشی و ڤایرۆسەكان و گرنگدان بە هۆشیاری تەندروستی و تەندروستی لای تاكەكانی كۆمەڵگە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### ٤-٣-٤-تەوەری خوودی

**خشتەی ژمارە(٥)**

**وەڵامی توێژینەوەکە سەبارەت بە کەرەنتینە لەلایەنی خوودی دەردەخات**

| تەوەر | برگە | وەڵام: بەڵێ | وەڵام: تاردەیەك | وەڵام: نەخێر | ن.ژ. سەنگراو | كێشی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خودی | ١-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ دەرکەوتنی بێ پلانی تاك لەژیان. | ٢٨٢ | ١٤٢ | ٣٥ | ٢,٥٤ | ٠,٨٥ | ٢ |
| | | ٦١% | ٣١% | ٨% | | | |
| | ٢-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ دەرکەوتنی توانا ولێهاتووەکانی تاك لەكۆمەڵگا | ٢٣١ | ١٦٤ | ٦٤ | ٢,٣٦ | ٠,٧٩ | ٧,٥ |
| | | ٥٠% | ٣٦% | ١٤% | | | |
| | ٣-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ درەکەوتنی ناهۆشیاری تاك لەكۆمەڵگادا | ٢٧٣ | ١٤٩ | ٣٧ | ٢,٥١ | ٠,٨٤ | ٤ |
| | | ٥٩,٥% | ٣٢,٥% | ٨% | | | |
| | ٤-کەرنتینە دەرفەتێك بووبۆ دەرکەوتنی بێ متمانەیی تاك بەرامبەر حکومەت. | ٢٧٠ | ١٢٨ | ٦١ | ٢,٤٦ | ٠,٨٢ | ٦ |
| | | ٥٩% | ٢٨% | ١٣% | | | |
| | ٥-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ درەکەوتنی بێ نرخی کات لەلای تاك لەكۆمەڵگادا | ٢٧٧ | ١٣٩ | ٤٣ | ٢,٥١ | ٠,٨٤ | ٤ |
| | | ٦٠,٣ | ٣٠,٣% | ٩,٤% | | | |
| | ٦-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ خوێندنەوەی کتێب وشارەزابوونی زیاتر | ٢٧٤ | ١٤٤ | ٤١ | ٢,٥١ | ٠,٨٤ | ٤ |
| | | ٦٠% | ٣١% | ٩% | | | |
| | ٧- کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ زانینی چۆنیەتی دانانی خشتەی رۆژانەی تاك لە كۆمەڵگا | ١٩٣ | ١٩٩ | ٦٧ | ٢,٢٧ | ٠,٧٦ | ٩ |
| | | ٤٢% | ٤٣% | ١٥% | | | |
| | ٨-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ گۆرینی داب ونەریتەكۆمەڵایەتییەکان. | ١٩١ | ١٩٦ | ٧٢ | ٢,٢٦ | ٠,٧٥ | ١٠ |
| | | ٤١,٦% | ٤٢,٧% | ١٥,٧% | | | |
| | ٩-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆپێداچوونەوەو ناسینی خودی تاك لەكۆمەڵگادا | ٢٢٣ | ١٨٨ | ٤٨ | ٢,٣٨ | ٠,٧٩ | ٧,٥ |
| | | ٤٩% | ٤١% | ١٠% | | | |
| | ١٠-کەرنتینە دەرفەتێك بوو بۆ دەرکەوتنی ئاستی گرنگی پیاوانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوو ئاسایش و پیشمەرگە لەژیانی كۆمەلگەدا | ٣٢٣ | ١٠٣ | ٣٣ | ٢,٦٣ | ٠,٨٨ | ١ |
| | | ٧٠,٤% | ٢٢,٤% | ٧,٢% | | | |
| | كۆی گشتی | | | | ٢,٤٤ | ٠,٨١ | |

سەبارەت بەخشتەی ژمارە (٥) کەریزبەندی برگەکانی تەوەری خوودی لەتوێژینەوەکە دەردەخات بەم شێوەیە (١، ٢، ٤، ٤، ٤، ٦، ٧,٥، ٧,٥، ٩، ١٠) بەكێشی سەدی (٠,٨٨، ٠,٨٥، ٠,٨٤، ٠,٨٤، ٠,٨٤، ٠,٨٢، ٠,٧٩، ٠,٧٩، ٠,٧٦، ٠,٧٥) ئەوەی لەم خشتەیە

درەدەكەوێت كە: كەرەنتینە بووەتە هۆی هە ست كردن بەگرنگی رۆڵی پیاوانی پۆلیس و پۆلیس هاتوچۆ و ئا سایش و پێشمەرگە لەژیانی تاكەكانی كۆمەڵگە، دواتریش بووە هۆی دەركەوتنی بێ پلانی و ناهۆ شیاری و بێ نرخی كات لەلای تاكەكانی كۆمەڵگە، لەهەمان كاتیشدا لەخشتەی لای سەرەوە درەكەوتووە كە كەرەنتینە نەبووەتە هۆی گۆرینی داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان لای تاكی كورد، هەروەها نەبووەتە پاڵنەرێك بۆ پێداچوونەوە بەخشـــتەی رۆژانەی ژیانیان تاك، بەڵام بروانە برگەی (٣) لە تەوەری خێزان لێتویژەران پێیان وابوو كە كەرەنتینە بووە هۆی بیداجوونەوە بە خشتەی رۆژانەی خێزان و دارشتنەوە.

**٥-٣-٤- سەبارەت بەدەرئەنجانی كۆی تەوەرەكانی توێژینەوەكە**

ئەنجامی (Test) كۆی تەوەرەكانی توێژینەوەكە دەردەخات، كە: تەنیا تەوەری خێزان ئاماژە دارە بە بەهای (٢,٧٩) لە ئاستی دەلالەی (٠,٠٠٥) جیاوازیەكەیشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوانەی خێزان دارن، چونكە ناوەندی ژمێرەی خێزاندارەكان (١٨,٥١) گەورەترە لەناوەندی ژمێری سەڵت كە (١٧,٥٩)یە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەو را ستیە دەردەخات، كە: كەرەنتینە زیاتر كاریگەری لە سەر خێزان هەبووە، بە تایبەتیش كاریگەری ئابووری و كۆمەڵایەتی وتاردەیەكیش دەروونی لە سەر ئەندام و خێزانەكان بە بەروارد لەگەڵ سەڵتەكان، چونكە ســـەڵتەكان لەهەمان كاتدا ئەندامن لەهەمان خێزان و چی گرفت و كەم و كورتی و ناخۆشـــیان هەیە بێت و دەبێت راستەوخۆ كاریگەری لەسەر خێزانەكان دەبێتە.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**جیاوازیی وەڵامی نموونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە كەرەنتینە بەپێی رەگەز بەبەكارهێنانی (T Test) بۆ دوونموونەی قەبارە جیاواز دەخاتەروو**

| تەوەر | رەگەز | ژ. نموونە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | ئاستی دەلالەت | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خێزان | نێر | ٢٧٨ | ١٨,٣١ | ٣,٥٤ | ١,٣٨ | ٠,١٧ | ئاماژە ئاماری نییە |
| | مێ | ١٨١ | ١٧,٨٤ | ٣,٥١ | | | |
| ئابووری | نێر | ٢٧٨ | ١٤,٦٢ | ٣,٥٨ | ٠,٥٨ | ٠,٥٦ | ئاماژە ئاماری نییە |
| | مێ | ١٨١ | ١٤,٤١ | ٣,٩٣ | | | |
| تەندروستی | نێر | ٢٧٨ | ١٣,٨٤ | ٤,٣٩ | ١,٨٠ | ٠,٠٧ | ئاماژە ئاماری نییە |
| | مێ | ١٨١ | ١٣,٠٨ | ٤,٤٠ | | | |
| خودی | نێر | ٢٧٨ | ١٦,٠٣ | ٣,٩١ | ٣,١٥ | *٠,٠٠ | ئاماژە ئامارییە |
| | مێ | ١٨١ | ١٤,٨٥ | ٣,٩٣ | | | |
| كۆی تەوەرەكان | نێر | ٢٧٨ | ٦٢,٧٩ | ١١,٩٢ | ٢,٢٢ | *٠,٠٣ | ئاماژە ئاماریە |
| | مێ | ١٨١ | ٦٠,١٨ | ١٢,٩٠ | | | |

*ئاماژە ئامارییە لەئاستی دەلالەتی (0.05)دا

**خشتەی ژمارە (٧)**

**جیاوازیی وەڵامی نمونەیی توێژینەوەکە سەبارەت بە کەرەنتینە بەپێی تەمەن بەبەکارهێنانی (Anova) دەخاتە روو:**

| تەوەر | | دەستە تەمەن ١٨- ٢٧ | ٢٨- ٣٧ | ٣٨- ٤٧ | ٥٧ – ٤٨ | ٦٧- ٥٨ | جیاوازی F | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ن. ژمیرەیي | | ١٧,٦٧ | ١٨,٩٩ | ١٨,٦٥ | ١٧,٨٦ | ١٦,٧٦ | | |
| ت١ | فرە بەراوردکردن | - | -١,٣٢* | -٠,٩٧ | -٠,١٩ | ٠,٩١ | F= ٣,٤٢ P :٠,٠١ | ئاماژە تەنها گروپی دووەم جیاوازن لەگروپي یەکەم |
| ت٢ | ن. ژمێرەیی | ١٤,٢٩ | ١٤,٥٤ | ١٥,٣٩ | ١٤,٢٨ | ١٣,٥٣ | F= ١,٨٢ P :٠,١٢ | ئاماژەدارنییە |
| ت٣ | ن. ژمێرەیی | ١٣,٦٣ | ١٤,٢٧ | ١٣,٥٧ | ١٢,٨٢ | ١١,٥٩ | F= ١,٩٦ P :٠,١٠ | ئاماژەدارنییە |
| ت٤ | ن. ژمێرەیی | ١٥,٤٠ | ١٥,٥٨ | ١٦,١٨ | ١٥,٣٧ | ١٤,٧١ | F= ٠,٨٩ P :٠,٤٧ | ئاماژەدارنییە |
| کۆی تەوەرەکان | ن. ژمێرەیی | ٦٠,٩٩ | ٦٣,٣٨ | ٦٣,٧٨ | ٦٠,٣٢ | ٥٦,٥٩ | F= ٢,١٩ P :٠,٠٧ | ئاماژەدارنییە |

*ئاماژەئامارییە لەئاستی دەلالەتی (0.05)دا.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**جیاوازیی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کەرەنتینە بەپێی باری کۆمەڵایەتی هاوسەردار و سەڵت بە بەکارهێنانی (T Test) بۆ دوو نمونەی قەبارە جیاواز دەخاتەروو**

| تەوەر | ڕەگەز | ژ. نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | ئاستی دەلالەت | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خێزان | سەڵت | ١٩٧ | ١٧,٥٩ | ٣,٦٣ | ٢,٧٩- | ٠,٠٠٥* | ئاماژە ئامارییە |
| | هاوسەردار | ٢٦٢ | ١٨,٥١ | ٣,٤٠ | | | |
| ئابووری | سەڵت | ١٩٧ | ١٤,١٦ | ٣,٧١ | ١,٨٥- | ٠,٠٦٤ | ئاماژە ئاماری نییە |
| | هاوسەردار | ٢٦٢ | ١٤,١٨ | ٣,٧١ | | | |
| تەندروستی | سەڵت | ١٩٧ | ١٣,٦٣ | ٤,٦٣ | ٠,٣٩ | ٠,٦٩ | ئاماژە ئاماری نییە |
| | هاوسەردار | ٢٦٢ | ١٣,٤٦ | ٤,٢٢ | | | |
| خودی | سەڵت | ١٩٧ | ١٥,١٥ | ٣,٩٧ | ١,٩١- | ٠,٦٥ | ئاماژە ئاماری |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوسەردار | ٢٦٢ | ١٥,٨٧ | ٣,٩١ | | | نییە |
| | سەڵت | ١٩٧ | ٦٠,٥٤ | ١٣,٠٤ | ١,٨٢- | ٠,٠٦ | ئاماژە ئاماری نییە |
| کۆی تەوەرەکان | هاوسەردار | ٢٦٢ | ٦٢,٦٧ | ١١,٧٧ | | | |

ئاماژە ئامارییە لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)دا.

**خستەی ژمارە(٩)**

**جیاوازیی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەکەرەنتینە بەپێی ئاستی خوێندەواری**

**بە بەکارهێنانی (Anova) دەخاتە ڕوو**

| تەوەر | | ئاستی خوێندەواری | | | | | | جیاوازی F | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ | خوێندی باڵا | | |
| ن . ژمیریي | | ١٤ | ٢٣ | ١٨,١١ | ١٩,١٦ | ١٨,٠٧ | ١٧,٩٥ | | |
| ت١ | فرە بەراوردکردن | - | -٩* | -٤,١١ | -٥,١٦ | -٤,٠٧ | -٣,٩٥ | F= ٢,٦٠<br>P :٠,٠٢ | ئاماژەدارە تەنها گروپی دووەم جیاوازی گروپی یەکەم |
| ت٢ | ن . ژمیریي | ١٢,٦٧ | ١٨,٣٣ | ١٤,٤٢ | ١٤,٦٨ | ١٤,٤٥ | ١٤,٦٩ | F= ٠,٨٥<br>P :٠,٥٠ | ئاماژەدا نییە |
| ت٣ | ن . ژمیریي | ١٢ | ١٨,٦٧ | ١٤,٨٩ | ١٣,٥٥ | ١٣,٢٥ | ١٣,٩٧ | F= ١,٧٢<br>P :٠,١٢ | ئاماژەدا نییە |
| ت٤ | ن . ژمیریي | ١٢ | ١٩,٠٠ | ١٥,٣٢ | ١٥,٩٠ | ١٥,٤١ | ١٥,٩٣ | F= ١,٢٨<br>P :٠,٢٧ | ئاماژەدا نییە |
| کۆی تەوەرەکان | ن . ژمیریي | ٥٠,٦٧ | ٧٩,٠٠ | ٦٢,٧٤ | ٦٣,٢٩ | ٦١,١٨ | ٦٢,٥٥ | F= ٢<br>P :٠,٠٧ | ئاماژەدا نییە |

ئاماژە ئامارییە لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)دا.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**جیاوازی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەکەرتینە بەپێی پیشەبە بەکارهێنانی (Anova) دەخاتە روو.**

| تەوەر | | جۆری پیشە | | | | | | | | | | جیاوازی F | بریار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | فەرمانبەری حکومی | کاسب کاری سەربەخۆ | پآشمەرگە | ئاسایش | پۆلیس | کاری ئازاد | ژنی ماڵ/ کابان | فەرمانبەری، کەرتی تایبەت | بێکار | دیکە | | |
| ت١ | ن. ژمێرەیی | ١٨,٣٤ | ١٨,٠٤ | ١٧,٣٠ | ١٩,٦٧ | ١٨ | ١٩,٦٧ | ١٩,٩٠ | ١٧,٨٦ | ١٧,٨٣ | ١٧,٤٥ | F= ١,٣٢ P:٠,٢٢ | ئاماژەدار نییە |
| ت٢ | ن. ژمێرەیی | ١٤,٧١ | ١٤,٨٣ | ١٣,٠٠ | ١٦,٣٣ | ١٦,٦ | ١٥ | ١٣ | ١٣,٧٩ | ١٤,٤١ | ١٤,٣٢ | F=٠,٨٣ P:٠,٥٩ | ئاماژەدار نییە |
| ت٣ | ن. ژمێرەیی | ١٣,٦٩ | ١٣,٦١ | ١٢,٣٠ | ١٣,٣٣ | ١٣,٦ | ١٥,٣٣ | ١٤,٣٠ | ١٢,٣٦ | ١٣,٤٦ | ١٣,١٣ | F=٠,٦٨ P:٠,٧٣ | ئاماژەدار نییە |
| ت٤ | ن. ژمێرەیی | ١٥,٧١ | ١٦,٦١ | ١٦,٥٠ | ١٨,٣٣ | ١٥,٢ | ١٥,٥٦ | ١٤,٧٠ | ١٦,٣٦ | ١٥,٠٩ | ١٥,١٤ | F=٠,٧٨ P:٠,٦٣ | ئاماژەدار نییە |
| کۆی تەوەرەکان | ن. ژمێرەیی | ٦٢,٤٥ | ٦٣,٠٩ | ٥٩,١٠ | ٦٧,٦٧ | ٦٣,٤ | ٦٥,٥٦ | ٦١,٩٠ | ٦٠,٣٦ | ٦٠,٧٨ | ٦٠,٠٤ | F=٠,٦٩ P:٠,٧٢ | ئاماژەدار نییە |

ئاماژە ئامارییە لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)دا


***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەرئەنجام**

-لەكۆتایی توێژینەوەكەمان دەركەوت، كە رەگەزی نێر زیاتر بەشـــداریان كردووە بەبەروارد لەگەڵ رەگەزی مێ، ئەمەش واقعی كۆمەڵگای كوردی نیشاندەدا كە هەردەم رەگەزی نێر زیاتر بەشدار دەبن لەهەر چالاكیەك.

-هەروەها رێژەی هەرە زۆری بەشـــداربووانی تویژینەوەكە، لەشـــارەكانی هەولێر و دهۆك بوونە، لەكاتێكدا (٥/١)ی بەشـداربووان لە شـارەكانی سـلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ئیدارەی راپەرین بووە، ئەمەش بۆ بارودۆخی خراپی ئابووری خەڵكی ئەوناوچەیە دەگەرێتەوە بەتایبەتی لەماوەی كەرەنتینە كە هەمووكایەكانی ژیانی پەكخســـتبوو ئەمەش راستەخۆ كاریگەری لەسـەر زۆرینەی ژیانی دانیشـتوانی ئەوناوچەیە كردووە كە زیاتر لەسـەر كاری رۆژانەو موچە دەژی.

-هەروەها زۆربەی هەر زۆری بەشـــداربووانی توێژینەوەكە لەئاســـتی خوێندنی بەرزدا بوونە وەك بەكالۆیۆس و خوێندنی باڵا، ئەمەش چەند لایەنێك بەدەردەخات وەك گرنگی خوێندن وبەدەست هێنانی بروانامە لەكۆمەڵگادا.

-ســـەبارەت بەتەوەری خێزان توێژینەوەكە دەریخســـتووە كە زۆربەی بەشـــداربووانی توێژینەوەكە خێزاندارن بەبەراورد لەگەڵ ســـەڵتەكان، هەروەها ئەنجامەكان دەریانخســـتووە كە كەرنتینە بوە هۆی زیادتر نزیك بوونەوەی ئەندامانی خێزان بەتایبەت لەنێوان دایك و باوك منداڵەكان، هەروەها دەركەوتووە كە كەرنتییە نەبۆتە هۆی زیادبوونی گرفت و توندو خێزانی وەك ئەوەی لەم لەو لا لەتۆرە كۆمەڵا یەتییەكان لەرێگای جۆراو جۆرەوە باس و وێنەی گیروگرفتە خێزانیەكانیان دەردەخست.

- لەكاتێكدا لەتەوەری ئابووری دەركەوت: كەرەنتینە وای لێكردین، دووركەوینەوە لەكڕینی شـــتوومەكە زیاد و نا پێویستییەكان، لەهەمان كاتدا گرنگیدان بەپاشەكەوت و سوود وەرگرتن لەپەندی پێشینان.

-ســـەبارەت بە تەوەری تەندروســـتی ئامار و داتاكانی توێژینەوەكە دەریان خســـتووە كە كەرەنتینە بووەتە هۆی ئەوەی كە تاكەكانی كۆمەڵگە زیاتر گرنگی بەخۆ پاراستن بدەن، هەروەها گرنگی بەتدروستی تاك و هۆشیاری و پاك و خاوێنی ژینگەیان بدەن.

-هەروەها سەرباری ناخۆشی ژیانیان لەو بارودۆخە بیریان لە ناخۆشی ذیانی كرێكار و دەستگیراوەكان و هەذار و ئاوارەكانی كەمپەكان دەكردەوە.

-لە كۆتایی دا لە تەوەری خودی دا، داتاكان دەریان خســـتووە: كەرەنتینە و بارودۆخی خراپ و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆســـی كۆرۆنا ئیفلیج بوونی هەموو پایەكانی ژیانی لە كۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی ترس و فشـــاری دەروونی و گرنگی رۆڵی هێزەتەناهیبە جۆراوجۆرەكانی لەكۆمەڵگەدا زیاتر بنرخێنن و دەركەوێت.

بەڵام لەلایەكی تر كەرەنتینە بووە هۆكاری دەركەوتنی بێ پلانی و نا هۆشـــیاری و نەزانینی نرخی كات لەلای تاكەكانی كۆمەڵگە.

-ســـەبارەت بەكۆی تەوەرەكانی توێژینەوەكەش، هیچیان ئاماژەدارنەبوون تەنیا تەوەری خێزان نەبێت، كە ئاماژەدارە بە بەهای (٢,٧٩) لەئاســـتی دەلالەی (٠,٠٠٥) ، لەناو برگەكانی خێزانیش جیاوازیەكە بۆ خێزاندارەكان

دەگەڕێتەوە کە ناوەندی خێزاندارەکان (١٨,٥١) گەورەترە لەناوەندی ژمێرەی سەڵت کە(١٧,٥٩)یە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکان**

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمانە ئەنجام بدات

١- چاك کردن و هەرزانکردنی نرخی خزمەت گوزارییەکان لەکۆمەڵگەدا.

٢-هاندانی زیاتری ڕەگەزی مێ بۆ بەشداریکردنیان لەبەرەوپێشچوونی کایەکانی ژیان و هۆشیارکردنەوەیان.

٣- چاککردنی بارودۆخی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ لاوان و گەنجان و دەرچووانی پەیمانگا زانکۆکان.

٤- هاندان و ئاسانکاری بۆ ڕەخساندنی بواری توێژینەوە بۆ توێژەران بۆ سوود وەرگرتن لە ڕووداو دیاردە نەخوازیارەکانی کۆمەڵگە.

٥- پێویستە لەسەر بەرپرسانی دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی حکوومەت پێشنیاز و راسپاردەکانی توێژینەوە زانستییەکان بخەنە بەرنامەی کار و سوودیان لێ وەربگرێت.

٦- لەلایەکی ترەوە پێویستە لەسەر دایك و باوکان زیاتر کاتی خۆیان دابەش بکەن بەسەر پێداویستییەکانی ژیان لە گرنگ و گرنگتر لەپێناو زیاتر نزیکبوونەوە لە هاوسەر و منداڵەکانیان پێش ڕوودانی هەرگرفت و ناخۆشییەك.

٧-پێویستە خێزانەکان زیاتر گرنگی بە پاشەکەوت بدەن و دوورکەونەوە لەشتوومەکە ناپێویستییەکان و بەردەوام بوون لە گرنگیدانی هەمە جۆری هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگە وەك ڕێزگرتن لەکات و بوونی پلان لەژیانی تاکەکان.

**سەرچاوەکان**


١- أبو زيد، نبيله امين، (٢٠٠١)، علم النفس الاسرية، القاهرة، عالم الكتب.

٢- ابن منظور، ابو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم، ١٩٩٣، لسان العرب،ط١، دار الكتب، بيروت.

٣-الجولاني، نادية عمر، (٢٠٠٤)، الأسرة العربية: تحليل إجتماعي لبناء الأسرة وتغير اتجاهات الأجيال، المكتبة المصرية للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

٤-الرازى، محمد بن بكر بن عبدالقادر، (١٩٨٧)، مختار الصحاح، دار الكتب، الحديث، الكويت

٥-أبو مغلي، عماد عادل، (٢٠٠٩)، العلاقات الاجتماعية في القرآن الكريم، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، إربو- الاردن.

٦-تركية، بهاء الدين خليل، ٢٠٠٤، علم الاجتماع العائلي، ط١، الاهالي للطباعه والنشر والتوزيع- سورية- دمشق.

٧-شريف، فاتن محمد، ٢٠٠٦، الأسرة القرابة، دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية، دار الوفاء لدنيا للطباعة والنشر، الاسكندرية.

٨- حجازي، محمد فؤاد، ١٩٨٨، البناء الاجتماعي، مكتبة الوهبة.

٩- عامر، أحمد محمد، ١٩٨٦، مقدمة في علم النفس الاجتماعي ودراسات المسلمين، دار الشروق للنشر والتوزيع،

جدة.

١٠-راگەیاندراوی (٢١٨) تایبەت بەئاماری نەخۆشی کۆرۆنا لەوەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق له ٢٠٢٠/١٠/١.

١١- عمر، احمد مختار عبدالحمید، ٢٠٠٨، معجم اللغەالعربیة المعاصرة، عالم الكتب، ط١، بدون مكان طبع.

١٢- الطناحي، محمود محمد،٢٠٠٠، صفحات التراث والتراجم واللغه والاداب، بيروت، ط١. دار البشائر الاسلامية،

١٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان –وەزارەتی پلان دانان – دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان – عێراق، موقعی وەزارەت، ئاماری پێشبینی کراو، دانیشتوانی هەرێم بۆ کۆتایی، ٢٠٢٠/٩/٨.

١٤-عبدالباقى، زيدان، ١٩٧٤، قواعد البحث الاجتماعي، ط٢، مصر، مطبعة السعادة.

١٥- عمر ، معن جليل، ١٩٩٦، مناهج البحث في علم الاجتماع، عمان، دار الشروق.

١٦- جودة، محفوظ، ٢٠٠٨ التحليل الاحصائي الاساسي للاستخدام (Spss)، أردن ، عمان، دار الوائل للنشر والتوزيع.

١٧- دەستەی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، سێ شەممە ٢٠٢٠/٩/٢٩.

١٨-هەورامی ، سـمیر، وتەبێژی جێگری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و ئەندامی بایۆمەتری هەرێمی کوردسـتان، سێ شەممە، ٢٠٢٠/٩/٢٩، کاتژمێر ١١،٥ بەیانی.

19- Mayo Foundation for Medical Education and 1998-2020. Research (MFMER).

20- (http://publichealth. Lacounty. Gov/acd/docs/covhome Quarantine Arabic.pdf..)